# بەم شێوەیە پێشوازی لەساڵی نوێ دەکەین

[ بە کوردی ]

# هكذا نستقبل العام الجديد

[ باللغة الكوردية ]

نوسینی: پشتیوان سابیر عەزیز

الكاتب:بشتيوان صابر عزيز

نوسینگەی ( رەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیارکردنەوەی ڕەوەندەکان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة
بمدينة الرياض

**2008 -1429**

islamhouse.com

# بەم شێوەیە پێشوازی لەساڵی نوێ دەکەین

الحمد لله وحده والصلاة والسلام على من لا نبي بعده وبعد:

شەو رۆژو مانگ و ساڵ بەخێرایی دێت و دەڕوات و، خۆزگەیەمرۆوڤ لەکۆتایی هەموو ساڵێك و لەسەرەتای هەموو ساڵێك تەوبەیەکی ڕاست و دروست بکات، بۆ ئەوەی ببێتەمایەی ششتنی ئەو تاوانانەی ڕابردوو پێشوازی کردن لەوەی دێیت ، خوای گەورەدەفەرموێت: {وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعاً أَيُّهَا الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ}(النور: من الآية٣١)، هەروەها دەفەرموێت: {وَإِنِّي لَغَفَّارٌ لِمَنْ تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ صَالِحاً ثُمَّ اهْتَدَى}(طـه:٨٢).

خوای گەورەئەفزەلیەتی لەنێوان کاتەکاندا داناوە، هەندێك مەواسیم هەیەبەجۆرەها پەرستشی تێدا داناوە، وەلەو کاتەپیرۆزانەکەوا قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئیشارەتیان پێداوەبریتیەلەمانگی موحەرەم.

خوێنەری بەڕێزم: بەیارمەتی خوای گەورەلەم بابەتەباسی پلەو پایەی ئەو مانگەپێرۆزەئەکەین بەشێوەیەکی گشتی و، فەزڵی رۆژی عاشورا بەشێوەیەکی تایبەتی.

یەکەم: بۆ ناوی لێنراوەموحەڕەم: لەبەر ئەوەی مانگێکەجەنگی تێیدا قەدەغەکراوە...

دووەم: فەزلی مانگی موحەرەم:

١ - یەکێکەلەمانگەحەرامەکان، خوای گەورەدەفەرموێت:{إِنَّ عِدَّةَ الشُّهُورِ عِنْدَ اللَّهِ اثْنَا عَشَرَ شَهْراً فِي كِتَابِ اللَّهِ يَوْمَ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ مِنْهَا أَرْبَعَةٌ حُرُمٌ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ فَلا تَظْلِمُوا فِيهِنَّ أَنْفُسَكُمْ } (التوبة: من الآية٣٦) ، وەمانگی مەحەرەم لەمانگەحەرامەکانە، وەپێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت:(( السنة اثنا عشر شهرا منها أربعة حرم ثلاث متواليات : ذو القعدة، وذو الحجة، والمحرم، ورجب مضر الذي بين جمادى وشعبان )) رواه البخاري.

٢-ئیزافەکردنی ئەم مانگەبۆ خوای گەورە: خوای پەروەردگار ئەم مانگەی بەبەرز و گەورەنرخاندوە، وەئیزافەکردنی ئەم مانگەبۆ لای خۆی ئیزافەی ڕێزلێنان و گەورەییە، وەئەمەبەڵگەیەلەسەر پلەو پایەی ئەم مانگەپیرۆزە.

٣-فەزڵی بەرۆژوو بوون تێیدا: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت : ((أفضل الصيام بعد رمضان شهر الله المحرم)) رواه مسلم .

ئەبو عوسمانی ئەلنەهدی ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ دەفەرموێت:" ئەوان سێ دەییان بەگەورەدەزانی: دەشەوی کۆتایی مانگی ڕەمەزان و، دەرۆژی سەرەتای مانگی زو الحجەو، ردەرۆژی سەرتای مانگی مەحەرەم".

٤-فەزڵی بەرۆژوو بوونی عاشورا ، چەند مەسائیلێکی تێیدایە:

* رۆژووی عاشورا لەسەرەتای ئیسلامەوە فەرزکرابوە سەر ئوممەت، ئیبنو عەباس ڕەزای خوای لێ بێت دەفەرموێت: " پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم تەشریفی هێنایە شاری مەدینە و تەماشای جولەکەکانی کرد لەرۆژی عاشورا بەرۆژوو دەبن، فەرمووی: ئەمەچیە؟ فەرمویان: ئەمەرۆژێکی چاکەو، لەم رۆژەدا خوای گەورە بەنی ئیسرائیلی رزگار کرد لەدوژمنەکەیان و، موسا عليه السلام بەو بۆنەیەوە بەرۆژوو بووە. فەرموی: من لەپێشتر لەئێوە بۆ موسا. بۆیە بە رۆژوو بوو تێیدا و، فەرمانی کرد بەرۆژوو بوون لەو رۆژەدا". ئیمامی بوخاری ریوایەتی کردوە. وەئەمە بەڵگەیە لەسەر فەزڵی بەرۆژوو بوون تێیدا.

ئیبن حەجەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: " ئیبن عبد البر ئەی گێرێتەوە کەوا زانایان یەك دەنگن لەسەر ئەوەی کەرۆژو بوونی عاشورا واجیب نیە، بەڵام موستەحەبە " .

* پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت : (( صيام عاشوراء احتسب على الله أن يكفر السنة التي قبله)) رواه مسلم.

وەپرسیاریان کرد لەئیبنو عەباس خوای گەورە لێیان ڕازی بێت دەربارەی رۆژوی عاشورا، فەرمووی: " نەمزانیوە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بەرۆژوو بو بێت و فەزڵی دابێتەسەر رۆژەکانی تر وەکو رۆژوی عاشورا..." ئیمام موسلیم ریوایەتی کردوە.

* چۆنیەتی بەرۆژوو بوونی: ئیبنو حەجەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت:" رۆژوی عاشورا سێ پلەیە:

نزم ترینیان : بەتەنها ئەو رۆژەبەرۆژوو بێت. وەبەڵگەلەسەر ئەم پلەیە: فەزڵی رۆژوو بوونی رۆژی دەیەم بەڕەهایی هاتوەبێ ئەوەی باسی رۆژووی رۆژێکی پێشتری یان پاشتری بکرێت.

بەرزتر لەو : بەرۆژوو بوونی رۆژی نۆیەم و دەیەمی مانگی موحەڕەمە.وەبەڵگەلەسەر ئەم پلەیە، فەرمودەی پێغەمبەری خوایە صلى الله عليه وسلم :(( لئن بقيت إلى قابل لأصومن التاسع)) رواه مسلم .

بەرزتریش لەو: بەرۆژوو بوونی رۆژی نۆیەم و یازدەهەم لەگەڵ رۆژی دەیەمی مانگی موحەڕەم، وەبەڵگە لەسەر ئەم پلەیە، فەرمودەی پێغەمبەری خوایە صلى الله عليه وسلم :(( خالفوا اليهود صوموا يوما قبله ويوما بعده)) بەیهەقی ریوایەتی کردوەبەسەنەدێکی زەعیف.

ئیبنو قەیم ئەلجەوزیە ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت:" ئەوەی تەنها رۆژی نویەم بەرۆژوو بێت ئەوەئەو کەسەتێنەگەشتوەلەو فەرمودانەی هاتوەدەربارەی رۆژووی عاشورا؛ چونکەئەو جۆرەتێگەشتنەزۆر دوورەلەزمانی عەرەبی و شەرعەوە.

موسڵمانانی خۆشەویست: چەند رۆژێکی تر ماڵ ئاوایی لەساڵی ١٤٢٩ کۆچی و ٢٠٠٨ زاینی دەکەیین...با بیرێ لەوەزعی خۆمان بکەینەوەو، بزانین لەماوەی ساڵی ڕابردودا چیمان کردوە بۆ ئاین و دونیامان ... هیوادارم بەخۆماندا بچینەوەو لاپەڕەیەکی نوێ بکەینەوەو نەخشەیەکی تەواو دانین بۆ ساڵی نوێمان .

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين